# هەڵبژاردنی ئەم جارەش تەواو بوو
# چی ترتان بۆ بکەین



**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

**پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەش تەواو بوو ، زۆربەمان بە گوێڕایەڵی حزب بووبێت یان هەستی نەتەوایەتی ڕوومان لە صندووقەکانی دەنگ دان کرد و لیستی هاوپەیمانیمان هەڵبژارد و ئەوەی لەسەرمان بوو وەك هاوڵاتی جێبەجێمان کرد ماوەتەوە چاوەڕێی ڕەحمی ئەو کەسانە بین کە بە دەنگی ئێمە دەچنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و شەڕی سنور و کەرکوك و فیدراڵی و داهات و پلە یەکیمان و .... بۆ دەکەن .**

**ئەوەی بە میللەت کرابێت پێم وانیە نەکرابیٚ بۆ حزبەکان و بە تایبەتیش هەردوو حزبی دەسەڵات دار ، کەواتە لێرەوە دەبێت ئێمەی هاوڵاتی کە ڕەخنە و گلەیمان هەیە لە حزب و حکومەت و سەرەڕایی ڕەخنە و تورەیشمان هەر بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵمان بژاردنەوە ، دەبێت ئەوانیش بە ئاگا بێنەوە و بە خۆ داچونەوەیەکیش بکەن بۆ ئەو جەماوەرەی کە هاوکاری سەرخستنەکانی ئەوانە ؟ئەی بۆ ئەوی دەسەڵات نایەت و زۆربەی داواکاریەکانی ئێمەی هاوڵاتی جێبەجیٚ بکات ، لە کاتێکدا ناتوانم بڵێم هەر هیچ نەکراوە .**

**ئگەر چی کاتیش تێپەڕیوە بەلاَم درەنگە بۆ ئەوەی بێینە سەر شەقامەکان و چیتر قبوڵی دوو ئیدارەی و دوو حکومەتی نەکەین و بزانین داهاتی کوردستان چەندە و چۆن سەرف دەکرێت و بۆ کویٚ دەبرێت ، بۆ دەبیٚ تا ئێستا نە کارەبا و نە ئاو و نە سوتەمەنی چارەسەر نەکرابێت ئایا داهاتی کوردستان ئەوەندە نەبووە یان ؟ بێگومان هەردوو حزبی دەسەڵات پێمان دەڵێن داهاتی کوردستان هێندە نیە تا ئەوەندە بکرایە کە چارەسەری کێشەکانی پێبکرێت و ئەو خواستانەی کە جەماوەر هەیەتی جێبەجیٚ بکرایە ، بەلاَم منی هاوڵاتی پێم وایە کە ئەگەر چەندین ساڵی تریش شەری ناوخۆ بووایە هیچ کام لە دوو حزبی شەڕ کەر دەستی هەڵنەدەبڕی بۆ ئەوەی کە پارە نەمابیدەم بە فیشەك و پێوەت بنێم و من دۆڕام .**

**دەبێت هەمووومان بێینە سەر جادە و هاواری یەکگرتنەوە و دروست بوونی حکومەتێکی یەکگرتوو بکەین و بڵێین بەسە ئیتر خزمخزمێنە و گەندەڵی و پێدانی زەوی بە ناحەق و بڕینی کارەبایی ماڵی خاوەن مەنصەبەکان و جیاکردنەوەی حزب و حکومەت و نابێت لەمە بەدوا حکومەت کرێچی حزب بێت و پارە لە حزب وەربگرێت ، ئێمەی هاوڵاتی قبوڵی ئەوە ناکەین تەزکیەی حزبی لە هیچ ناوەندێکی حکومی دەوری هەبێت و ئەوەی ناسیاوێکی هەبێت بگاتە ئەوەی کە دەیەوێت و ئەوی هاوڵاتی کە کەس ناناسیٚ و هەژارە دەبێت لە نێوانی تەلارە بە ئاسمان دا چووەکاندا خۆی بدۆزێتەوە کە هێشتا بستێك زەوی نیە تیایدا هەناسەیەکی ئازاد بوون لە دیکتاتۆریەت هەڵکێشیٚ و خەو بەوە وە دەبینێت تۆ بڵێی ڕۆژێك ببمە خاوەنی ئەوەی کە خانویەکی**

کرێم دەستکەوت نزیك ماڵی مەسئولێك بێت بۆ ئەوەی بزانم کارەبایی بیست و چوار کاتژمێر چەند خۆشە و شەوێکیش نەمێنمەوە بۆ ئەوەی کە تانکی ئاوەکەمان پڕبکەم و ئیتر ئەوەی خزمەت گوزاری شارەوانیش بێت هەر زۆر زوو پێمان دەگات .

دەکرێت بڵێین هاولاتی ئێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بۆ داواکاریەکانی بێتە سەر جادە و قبوڵی نا حەقیەکان نەکات چونکە ئەگەر وابوایە یان دەبوو هەموو رۆژێك لە سەر جادەکان بوینایە و بەس بۆ نان خواردن بڕۆیشتینایەتەوە ماڵەوە یان دەسەلاَت بەرگەی خەڵکی ڕا پەڕیوی نە دەگرت و لەماوەیەکی زۆر کورت دا کورسیەکان چۆڵ دەکران و ئاشبەتاڵی پێ دەکرا .

من نازانم حکومەت خۆی کار ناکات یان داهاتی بەشی ئەوەندە ناکات کە لە ئاستی داواکاریەکانی جەماوەر دابێت ، ئەگەر داهات هێندە نیە بۆ ئیعلانی داهات ناکەن و بودجەی حکومەت ئاشکرا ناکرێت بەلاَم بیریشمان نەچێت هەموو داواکاریەکان پەیوەست نین بە باری دارایی حکومەتەوە و دەکرێت منی هاولاَتی بە ئاسانی بگەمە لای بەرپرسێك و چەند پرسگەیەکی نەبێت وخۆ یەکگرتنەوەی حکومەتیش داهاتی ناوێت وئەویش نادرێ بە کۆمپانیاوگرانی بازاڕ پەیوەندی بە سەرپەشتی کردنەوە هەیە و لێزانی دەوێ نەك بە ناوی بازاڕی ئازادەوە خەڵی ڕەش و ڕووت تیابچێ ، خۆزگە دەمزانی ئەو کەسانەی لە ماڵی بەرپرسەکان دەژین دەزانن نەبونی کارەبا چەند ناخۆشە و چەند شەو بە دیار هاتنەوەی ئاوەوە وە نەوزیان داوە ، پێم وانیە نە لە زستاندا سەرمایان دەبێت و نە لە هاوینیشدا گەرما دەچێژن ، چونکە نەکارەبایان دەبڕێت و نە دەشزانن کەی سەرەی نەوتی گەڕەکەکەیانە دەنا ئێمەش ئامێرەکانی گەرم کەرەوە و فێنك کەرەوەمان هەیە بەلاَم نە کارەبامان کارەبایە و نە سووتەمەنیشمان بە ئاسانی دەست دەکەوێ .

هەتا بنوسین ئەوەندەمان لە دڵدا کۆبۆتەوە نە قەڵم لە نوسین بکەوێ و نە پەڕەشمان بە سپیتی بمێنێتەوە ، بەلاَم ئەوەی کە گرنگە بە ئاگا هاتنەوەی جەماوەرە و چیتر قبوڵ نەکردنیەتی لە دەسەلاَت .